www.kurdistannet.org
21/07/2003 22:37

# بەرەو ڕیفراندۆم

سابیری محمود داماو

كۆمەڵێك لە ڕوناكبیران و ئەدیب و ڕۆژنامە نووس و مامۆستای زانكۆ و پارێزەر وهونەرمەند لە گەڵ چەند سیاسەت مەدارێك لە ڕۆژی 2003/7/14 دا لە هۆڵی سلێمانی سەنتەری چالاكی گەنجان كۆبونەوەیەكیان ئەنجامدا تیایدا بەڕێز شاعیری گەورەی كورد شێركۆ بێ كەس ووتی " گەشترین ڕوخساری دیموكراسی ڕیفراندۆمە ! " و ڕۆشنای خستە سەر چەند مەترسیەك لە دواڕۆژی كوردوكوردستان بەتایبەتی دوای دامەزراندنی ئەنجومەنی حوكمی عێراق وە دووبارە بوونەوەی مێژوو لەم ڕووداوەدا بۆیە پێویست ئەكات گەلی كورد خاوەنی دیاری كردنی چارەنووسی خۆی بكات بۆ ئەوەی چیتر جینۆسایت بە سەر ڕۆڵی كورد نەیەت پێویست دەكات ئەوە بسەپێنین بەسەر هێزی هاوپەیمانان و نەتەوە یەكگرتووەكان و یەكێتی ئەوروپا و ئەمەش كاری باشی ئەوێت ئێمە كۆمەڵێك پرۆژەیەكمان دانانەوە ئێوەی بەڕێز یش بانگێش كراون بۆ دەوڵەمەند كردنی پرۆژەكەمان بۆیە دوائەكەین كە تا (30) كەس خۆی بپاڵێوێت بۆئەوەی كاری جدی بكرێت لە ژێر ناونیشانی با بە ڕیفراندۆم گەللی كورد چارەنووسی خۆی دیاری بكات بتوانین دوو جۆر كار دەست پێ بكەین بۆ ئەم مەبەستە یەكەمیان وشیاركردنەوە خەڵكی كوردستان بەوەی ماڤ خۆیانە چ جۆرە سستەمێك هەڵدەبژێرن وە هەروەها تەنها فیدرالیەت چارەنووسی تاكی كورد نیە بەڵكو كۆنفیدراڵی و جیا بوونەوەی كوردستان بەوەی چارەنووسی خەڵكی كوردستان خۆی دیاری بكات كاری دووەممان ئیمزار كۆكردنەوەیە كە داوای تیا بكات ڕاپرس بە خەڵكی كوردستان بكرێت لە ڕێگای ڕیفراندۆمێك.

هەر لەورۆژەدا زیاتر لە 30 كەس خۆی پاڵاوت بۆ ئەنجام دانی ئەو دوو كارە كارەكانی تریش كە دێتە بەردەمیان لە دوای چەند ڕاگۆڕینەوەیەك لەناو هۆڵەكەدا لەگەڵ چەندپێشنیارێك. . .

ڕۆژی 7/19 لە هۆڵی ڕوناكی بە ئامادەبوونی زیاتر لە 50 كەسی ڕوناكبیرو ئەدیبو ڕۆژنامە نووس و مامۆستای زانكۆ و پزیشك و پارێزەر و. . . . . . هتد

كۆبوونەوە بۆ مەبەستی كاركردن بۆ بە رە وڕیفراندۆم چەند لیژنەیەك دامەزرا وەكو لیژنەی پەیوەندی و ڕاگەیاندن لیژنەی دارای لیژنەی مامۆستایان و خوێندكاران بۆ جێبەجێكردنی كارەكان لە ڕۆژی دوایدا لە كۆمەڵەی هونەرە جوانەكانی كورد لیژنەی پەیوەندیەكان و ڕاگەیاندن كۆبوونەوە بۆ دیاری كردنی كەسانێك بۆ پەیوەندی كەسانێكیش بۆ مەسەلەی ڕاگەیاندن واتە لیژنەكە جیا كرایەوە لە یەك كارەكانیش لەم ڕۆوە دەست پێ دەكات

2003/7/21

تێبینی كوردستان نێت:
ئەم نوسینە بیروبۆچونی خاوەنەكەیەت، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.